دکتور سا لح ئیبراهیمی



# سوورەی جومعە: هەینی ١١ ئایەتە

## سوورەی جومعە: هەینی لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی پاک و بێخەوشی خوا دەڵێن خوایێ کە فەرمانڕەوا و پاتشای پاک و دوور ل هەمموو کەموکوورییە و فرە بەدەسەڵاتی لەکارزانە ﴿١﴾ کەسێ کە لە نێو خەڵکی نەخوێندەوار پێغەمبەرێکی لە خۆیانی بۆ ناردن تا نیشانەکانی خوایان بەسەرا بخوێنێتەوە و پاکیان بکاتەوە و کتێب و لەکارزانییان فێر بکا، هەرچەند بەرلەوە لە لاڕێییەکی دیار و ئاشکرادا بوون ﴿٢﴾ بۆ سەر دەستەیێ‌تر کە هێشتا پیان نەگەیشتوون و نەلکاون بەوانەوە، هەر خودایشە فرە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿٣﴾ ئەمە چاکە و نیعمەتی خوایە کە بە هەرکەس کە بیەوێ ئەیدا، خوا خاوەن بەخشێکی گەورەیە ﴿٤﴾ بە سەرهات و مەسەلی کەسانێ کە تەوراتیان پێ هەڵگرتوون (و پێیان سپێردراوە) لە پاشان لە بنی دەرچوون و عەمەلیان پێ نەکرد هەروەکوو نەقڵی ئەو کەرەیە کە چەن کتێبێ هەڵدەگرێ (گوێدرێژێکن کە کتێبگەلێ هەڵدەگرن)، چەن خراپە نەقڵی هۆزێ کە نیشانەکانی خوایان بە درۆ خستۆتەوە، خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿٥﴾ بڵێ: ئەی کەسانێ کە بوونەتە جوولەکە ئەگەر پێتان وایە کە ئێوە دۆستی خوان نەک خەڵکی‌تر، ئارەزووی مردن بکەن ئەگەر ڕاستبێژن ﴿٦﴾ ئەوانە لەبەر کارێ کە بەر لەمە کردوویانە هەرگیز ئارەزووی مردن ناکەن، خوا ئاگایە بە ستەمکاران ﴿٧﴾ بڵێ: مردنێ کە لە بەری هەڵدێن، دەتانگاتێ و لە پاشان دەتانگێڕێتەوە لای ئەو کە زانای نادیار و نهێن و ئاشکرایە تا بەو کارانەی کە کردووتانە ئاگادارتان بکا ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە، هەرکاتێ بۆ نوێژی ڕۆژی هەینی بانگ بکرێن، بەپەلە بۆ یادی خوا (و نوێژی هەینی) بڕۆن و کڕین و فرۆتن بنێنە لاوە کە ئەمە بۆ ئێوە باشترە، ئەگەر پێی بزانن ﴿٩﴾ جا هەرکاتێ نوێژ تەواو بوو، بڵاوەی بکەن ڕسق و ڕۆزی لە چاکە و فەزڵی خوا بخوازن و زۆر یادی خوا بکەن تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿١٠﴾ هەرکاتێ بازرگانی یا کایە و گەمەیەک دەبینن بڵاوەی دەکەن و دەچن بۆ لای ئەوەو تۆ هەروا بە ڕاوەستاوی لە (حاڵی نوێژ) بەجێدێڵن و تەرک ئەکەن، بڵێ: ئەوەی لای خوایە لە کایە و بازرگانی باشترە، خوا باشترینی ڕسق و ڕۆزیدەرانە ﴿١١﴾

## سوورەی موونافیقون ١١ ئایەتە

**سوورەی موونافیقون لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١١ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

هەر کاتێ موونافقان (دوڕو) دێنە لای تۆ، دەڵێن: شایەدی ئەدەین کە بە هەقیقەت تۆ پێغەمبەری خوای، خوا دەزانێ کە تۆ بە هەقیقەت ڕەسووڵی ئەوی و خوا شایەدی ئەدا کە موونافقان درۆزنن ﴿١﴾ ئەوانە سوێندەکانی خۆیان کردۆتە قەڵخان و سپەر، جا ڕێگای خوایان لە خەڵک گرتووە و خۆیان کردۆتە لەمپەر، ئەوانە کارگەلێ زۆر خراپ ئەنجام ئەدەن ﴿٢﴾ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە بڕوایان هێناوە، لە پاشان (بەدڵ) کافر بوون و دڵ و دەروونیان مۆر کراوە و دەرک ناکەن ﴿٣﴾ هەر ئەگەر چاویشت پێ‌یکەوتن لە قەڵافەتیان سەیرت دێ کە دەشپەیڤن و تۆ قسەکانیان دەبیسی، دەڵێی چێون بە دیوارەوە هەڵپەسێردراون، هەر هەرایەک لە دژی خۆیان ئەزانن، ئەوانە دوژمنن، خۆیان لێ‌یپارێزە، خوا بیانکوژێ چلۆن (لە هەق دەگەڕێندرێنەوە و لادەدرێن ﴿٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi